Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

# The Role of the Kurdish Academic Journal in Terminology Development

**Department of Kurdish Language, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan, Iraq**

**Assistant Professor.Dr. Shadan Shukr Sabir.**

**Email: shadan.shukr@koyauniversity.org**

**Phon number: 07503215148 - 07740887008**

**Abstract**

**This research titled "The Role of the Kurdish Academic Journal in Terminology Development" examines terminology, which refers to words used in specialized fields that constitute a significant portion of any language's vocabulary. Terminology forms the backbone of a national language and has therefore attracted the attention and study of linguists and researchers.**

**In 1970, following the March 11 Declaration, a group of Kurdish intellectuals and writers established the Kurdish Academy of Knowledge in Baghdad as part of granting cultural and heritage rights to the Kurdish nation. As a cultural institution, its mission was to preserve and promote the Kurdish language. From this perspective, the aim of this research is to use descriptive analytical methodology to highlight the role of this journal in the creation, analysis, and presentation of Kurdish terminology, as well as in enriching the Kurdish language dictionary with terminology from various fields. The journal played a key role in developing specialized terminology in fields such as: administration, linguistics, education, medicine, philosophy and logic, etc., thereby enriching specialized dictionaries across different domains. All efforts of the Academy were directed toward filling the gaps in Kurdish language vocabulary by creating terminology that would replace Arabic, Persian, Turkish, and foreign terms with authentic Kurdish equivalents.**

**The most important finding of this research is that the Academy has had a significant position in serving Kurdish terminology, as they made considerable efforts in creating and formulating Kurdish terminology and succeeded in establishing appropriate terms for several different fields. This research also revealed that Kurdish is a robust and powerful language suitable for all sciences, as it has the capacity to provide and create appropriate terminology for most scientific concepts.**

**Keywords: Kurdish Academy Journal, terminology, Academy terminology, terminology committee, terminology challenges.**

## دور مجلة المجمع العلمي الكردي في وضع المصطلحات

أ.م. د. شادان شكر صابر، قسم اللغة الكردية، كلية التربية، جامعة كويه، كويه، كردستان، العراق

ايميل: shadan.shukr@koyauniversity.org

رقم الهاتف: 07740887008 - 07503215148

الخلاصة

هذا البحث بعنوان "دور مجلة المجمع العلمي الكردي في وضع المصطلحات". المصطلح هو كلمة تستخدم في مجال محدد، وتشكل المصطلحات جزءا كبيرا من مفردات أي لغة. يعتبر المصطلح العمود الفقري للغة القومية، ولذلك أصبح محل اهتمام ودراسة اللغويين والباحثين.

في عام 1970، بعد صدور بيان 11 آذار، قامت مجموعة من المثقفين والكتاب الأكراد بتأسيس المجمع العلمي الكردي في بغداد، ضمن إطار منح الحقوق الثقافية والتراثية للأمة الكردية، وكان بمثابة مؤسسة ثقافية مهمتها الحفاظ على اللغة الكردية وتطويرها. يهدف هذا البحث باستخدام المنهج الوصفي التحليلي إلى تسليط الضوء على دور هذه المجلة في وضع وتحليل وعرض المصطلحات الكردية، وإثراء معجم اللغة الكردية بمصطلحات المجالات المختلفة، خاصة أنها لعبت دورا رئيسيا في تطوير مصطلحات مجالات متخصصة مثل: الإدارة، اللغويات، التربية، الطب، الفلسفة والمنطق، إلخ، وبالتالي إثراء المعاجم المتخصصة في المجالات المختلفة. كانت جميع جهود المجمع موجهة نحو سد الفجوات في مفردات اللغة الكردية من خلال إنشاء مصطلحات لتحل محل المصطلحات العربية والفارسية والتركية والأجنبية بمكافئات كردية أصيلة.

أهم نتائج لهذا البحث هي أن المجمع كان له مكانة بارزة في خدمة المصطلحات الكردية، حيث بذلوا جهودا كبيرة في إنشاء وصياغة المصطلحات الكردية ونجحوا في وضع مصطلحات مناسبة للعديد من المجالات المختلفة. كما كشف هذا البحث أن اللغة الكردية لغة قوية ومتينة صالحة لجميع العلوم، لأنها تمتلك القدرة على توفير وإنشاء مصطلحات مناسبة لمعظم المفاهيم العلمية.

الكلمات المفتاحية: مجلة المجمع الكردي، المصطلح، مصطلحات المجمع، لجنة المصطلحات، مشكلات المصطلحات.

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

# ڕۆڵی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد لە دانانی زاراوەدا

پ. ی. د. شادان شوکر سابیر، بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، کوردستان، عێراق.

ایمیل: shadan.shukr@koyauniversity.org

رقم الهاتف: 07740887008 – 07503215148

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد لە دانانی زاراوەدا)یە. زاراوە، وشەیەکە لەبوارێکی تایبەتی بەکاردەهێندرێت، لە هەموو زمانێکدا بەشێکی زۆری وشەکانی ئەو زمانە پێکدەهێنێت. زاراوە بڕبڕەی پشتی زمانی نەتەوایەتییە. بۆیە بۆتە جێگەی سەرنج و لێکۆڵینەوەی زمانەوان و توێژەران.

لە ساڵی (1970) پاش دەرچوونی بەیاننامەی (11) ئازار، دەستەیەک لە ڕۆشنبیران و نوسەرانی کورد کۆڕی زانیاریی کوردیان لە بەغدا دامەزراند، کە لە چوارچێوەی پێدانی مافە ڕۆشنبیری و فەرهەنگییەکان بە نەتەوەی کورد بوو، وەک دەزگایەکی فەرهەنگی و کەلتوریی ئەرکی پاراستن و برەودان بوو بە زمانی کوردیی، لەم ڕوانگەیەوە ئامانجی ئەم توێژینەوە ئەوەیە بەپێی ڕێبازی پەسنی شیکاری تیشک بخاتە سەر ڕۆڵی ئەم گۆڤارە لە دانان و لێکدانەوە و خستنەڕوی زاراوەی کوردی و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی بە زاراوەی بوارە جیاجیاکان، بەتایبەتی کە ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە دانانی زاراوەی بوارە تایبەتەکانی وەک: کارگێڕی، زمانەوانی، پەروەردەیی، پزیشکی، فەلسەفە و ژیربێژی، ...هتد، واتە فەرهەنگی تایبەتی بوارە جیاجیاکان بەو زاراوانە دەوڵەمەندکراوە. هەموو هەوڵێکی کۆڕ بۆ ئەوەبووە کەلێن و بۆشایی فەرهەنگی زمانی کوردی لە نەبوونی ئەم زاراوانە پڕبکرێتەوەو ئەم زاراوە ڕەسەنانە شوێنی زاراوە عەرەبی، فارسی، تورکی و زاراوە بیانییەکان بگرێتەوە.

گرنگترین ئەنجامی ئەم توێژینەوە ئەوەیە، کۆڕ پێگەیەکی بەرچاوی لە خزمەتی زاراوەی زمانی کوردیدا هەبووە، چونکە لە دانان و داڕشتنی زاراوەی کوردیدا، هەوڵێکی باشییان داوە و توانیویانە کۆمەڵێک زاراوەی گونجاو بۆ چەند بوارێکی جیاجیا دابنێنن، هەروەها لەم توێژینەوەیەدا ئەوەمان بۆ دەرکەوت، کە زمانی کوردی زمانێکی بەپێز و بەهێزە بۆ هەموو زانستەکان دەشێت، چونکە توانای بەخشین و دانانی زاراوەی گونجاوی بۆ چەمکی زۆربەی زانستییەکان هەیە.

وشە سەرەکییەکان: گۆڤاری کۆڕ، زاراوە، زاراوەکانی کۆڕ، لیژنەی زاراوەکان، گرفتی زاراوەکان.

**پێشەکی**

**ناونیشان توێژینەوەکە:**

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە (ڕۆڵی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد لە دانانی زاراوەدا)یە، توێژینەوەکە بۆ باسکردنی ڕۆڵی ئەم گۆڤارە مەزنە لە بواری زاراوە لە زمانی کوردیدا تەرخانکراوە.

**هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:**

ئەم گۆڤارە (گۆڤاری کۆڕی زانیاریی) خزمەتێکی زۆری بە زمانی کوردی کردووە، بەتایبەتی لە بواری زاراوەدا، کە بڕبڕەی پشتی زمانی نەتەوایەتییە، بەڵام وەک تێبینیمان کرد هیچ توێژینەوەیەکی زانستیمان نەدیت لە چوارچێوەیەکی سەربەخۆ و بە شێوەیەکی ورد ئاماژە بەو خزمەتە بکات، بۆیە ئێمە هەوڵدەدەین لەم توێژینەوەدا بەوردی ئەم ڕۆڵ و خزمەتە مەزنە بخەینەڕو.

**گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە بۆ یەکەمجارە بە شێوەیەکی وا فراوان و لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی زانستی باس لە ڕۆڵی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی لە زمانی کوردی بەگشتی و لەبواری زاراوە بەتایبەتی بکرێت و ئەم توێژینەوەیە زۆر بەوردی ڕۆشنایی خستۆتە سەر ئەو خزمەتە مەزنەی کە کۆڕ بە زانستی زاراوەی کردووە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، دیاریکردنی سەرجەم هۆیەکانی سەرکەوتنی کۆڕە لە بواری زاراوەدا تا نوسەران و زمانزان و زمانەوانی ئێستا بتوانن سود لەم ئەزموونە وەربگرن و پەنا بۆ زاراوەی بیانی بۆ داهێنان و داهێنراوە تازەکان نەبەن.

**پرسیاری توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵی داوە وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

ـ ئایا ڕۆڵی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی لە بواری زاراوەدا چی بووە؟

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

- ئایا ئەنجومەنی کۆڕ هەوڵی جدی بۆ وەرگێڕان و بە کوردیکردنی زاراوەکان داوە؟

- لە قۆناغە مێژووییەکانی زاراوەدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی دەکەوێتە کام قۆناغەوە؟

- بۆچی کۆڕ چەندین لیژنەی جیاجیای هەبووە؟ ئەرکی لیژنەی زاراوەکان چی بووە؟

- هۆیەکانی سەرکەوتنی کۆڕ لە بواری زاراوەدا چین؟

- گرفتەکانی بەردەم کۆڕ لە بواری زاراوەدا چین؟

**کەرەستە و ڕێبازی توێژینەوەکە :**

کەرەستەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە گۆڤاری کۆڕی زانیاریی لە ژمارە (1) تا ژمارە (30)، کە بەپێی ڕێبازی (پەسنی شیکاری) شیکردنەوە و لێکداوەیان بۆ کراوە، ڕۆڵیان لە بواری زاراوە ڕونکراوەتەوە.

**ناوەرۆکی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە، لە پێشەکی و دوو بەش پێکهاتووە:

**لە بەشی یەکەمدا،** باسی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی، لیژنەکانی کۆڕ و مەبەستەکانیان و ڕۆڵی کۆڕ لە مێژووی زاراوە لە زمانی کوردیدا کراوە.

**بەشی دووەم،** تەرخانکراوە بۆ خستنەڕوی چەمک و پێناسەی زاراوە، هۆیەکانی سەرکەوتنی کۆر لە بواری زاراوەدا، گرفتەکانی بەردەم کۆر لە بواری زاراوە، کەموکوڕییەکانی کۆڕ لەبواری زاراوەدا.

**لە کۆتایی توێژینەوەکەدا،** ئەنجامەکان، پێشنیازەکان، لیستی سەرچاوەکان، خراوەتەڕو.

**بەشی یەکەم: کۆڕی زانیاریی و بابەتە جۆراوجۆرەکان:**

**1.1: گۆڤاری کۆڕی زانیاریی:**

گۆڤاری کۆڕی زانیاریی یەکێکە لە دەستکەوتە گەورەکانی بەیاننامەی ئازاری (1970)، کە دەستەیەک لە ڕۆشنبیران و نوسەرانی کورد لە بەغدا دەزگای کۆڕی زانیاریی کوردیان دامەزراند. سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم بۆ کورد قۆناغێکی گرنگی سیاسی و ڕۆشنبیریی و کەلتوری بووە، چونکە بە ڕێککەوتنی


kujhs@uokirkuk.edu.iq https://kujhs.uokirkuk.edu.iq 009647776455564

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

شۆڕشی کوردستان لەگەڵ حکومەتی بەغداد بارودۆخێکی سیاسی و فەرهەنگی هاتۆتە پێشەوە، کوردستان لە هێرش و پەلاماری سەربازی ڕزگاری بووە، بزاڤی ڕۆشنبیریی و کەلتوری گەشەی زۆری کردووە (سالح، 1403: 1). ئەمەش لە چوارچێوەی پێدانی مافە ڕۆشنبیری و فەرهەنگییەکان بە نەتەوەی کورد بوو، کە بەپێی یاسای ژمارە (183)ی حکومەتی عێراق ئەو دەزگایەیە لەلایەن پۆلێک لە ڕۆشنبیران لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستان لە (30/ 8/ 1970) دامەزرا.

ئەم دەزگایە وەک دەزگایەکی فەرهەنگی و کەلتوریی ئەرکی پاراستن و دەوڵەمەندکردن و برەودان بە کەلتور و زمانی کوردی بوو، هەروەها بایەخدان بە توێژینەوەی زانستی لە بواری زمان و کەلەپوری کوردیدا و دانانی فەرهەنگی زمان و سازدانی کۆنگرەی زانستی و ئەدەبی و دەرکردنی گۆڤار و چاپکردنی کتێب و بەڵگەنامە کۆن و مێژووییەکان بوو.

بۆ دروستکردنی کۆڕی زانیاریی کورد سود لە کەسایەتییە ڕۆشنبیر و نوسەر و ئەکادیمیەکانی کورد لە هەموو ناوچەکانی کوردستان وەرگیرا بوو.

هەژار موکریانی بەم شێوازە ناوی دامەزرێنەرانی کۆڕی زانیاریی کورد ڕیز دەکات:

(ئیحسان شێرزد، شێخ محەمەد خاڵ، مەسعود محەمەد، کەمال مەزهەر، هەژار، عەبدوڵا نەقشبەندی، پاکیزە ڕفیق حیلمی، عەبدولحەمید ئوتروشی، عەلائەدین سەجادی و ناجی عەباس)، https://tavgar.com/?p=2050.

(عەلائەدین سەجادی) ئەو سەردەمە سەرۆکی بەشی زمانی کوردی بوو، ئەم دە کەسە بە ڕەسمی ناوی دەستەی دامەزرێنەر و سەرەکییان لێندرا، بێجگە لەم دە کەسە، کە نازناوی ئەندامی کارایان پێبەخشرا، چەندین کەسایەتی ڕۆشنبیری و هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە لیژنە جیاجیاکانی کۆڕدا بەشداربوون.

لە ساڵانی سەرەتادا جگە لە کەسانی ڕوناکبیری کوردی باشور چەند گەورە نوسەر و شاعیری ڕۆژهەڵاتیش هاتنە ناو کۆڕەوەو کاروچالاکیان هەبوو وەک (مەسعود محەمەد) دەڵێت: ((پەنابەرانی برا

کوردەکانی ئێران بۆ عێراق جگە لە مامۆستا (هێمن)، کە کۆڕ وەک ماڵی خۆی بۆی کرابووەوە، تێکڕایان بە خاوەن ماڵ حساب دەکران، مامۆستایان (عبدالله حسن زادە) و (حەسەن قزڵجی) هی دیکەش کە لیستی ناوەکانیانم نەگرتووەتەوە هەموویان لە پلەی برادەری بەرەو خزمایەتیان تێپەڕاندبوو))، (ساڵح، 1403: 1).

سەرۆکی کۆماری ئەو کاتەی عێراق (ئەحمەد حەسەن بەکر)، (40000) چل هەزار دیناری ئەوکاتە دەنێرێت بۆ کۆڕ وەک بودجەی ئەو دەزگایە. سەرۆکی کۆڕ کە (ئیحسان شێرزاد)بوو کەسایەتیەکی سیاسی و ئەندازیارێکی بەتوانا بوو ڕۆڵی هەبوو لە ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی ناوەند و شۆڕشی کورد، وەک وەزیر پێنج جار لە حکومەتەکانی (عبدالرحمن عارف و احمد حسن بەکر) بە وەزیری ئەشغاڵ و شارەوانییەکان بەشداریکردووە لەبوارەکانی ئەندازیاری و قانون و ئیدارە بڕوانامەی بەرزی بەدەستهێناوە، ناوبراو بینای کۆڕی زانیاریی کوردی دروستکردووە لەسەر ئەرکی خۆی کە بڕی (200000) دووسەد هەزار دیناری تێچووە (2050https://tavgar.com/?p=). لەگەڵ جیهانی ڕۆشنبیری دەرەوە پەیوەندی مەحکەمی پەیداکرد. لە زۆر بنکەی سەقافیەوە نامەو دیاری بۆ هات بەتایبەتی لە یەکێتی سۆڤیەتەوە کۆڕ بەپێی هەندێک لە ماددەکانی یاساکەی دەبوو پەیوەندی بە بنکەی سەقافی ناوەوە ودەرەوە بەتایبەتی هی وڵاتی عەرەب پتەو بکات لەمەوە بڕیار درا، کە چەند ئەندامێکیان هەریەکە سەر لە وڵاتێک بدات وەک سوریە و لوبنان و میسر...

ئەم دەزگایە لە ساڵی (1973) یەکەمین ژمارەی گۆڤارەکەیان بە ناوی (گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد) دەرکرد، کە (30) ژمارەی لێ دەرچوو، لە ژمارە (1)ەوە تا ژمارە (7) بە ناوی (کۆڕی زانیاریی کورد) دەرچووە، بەڵام لە ژمارە (7) ساڵی (1980) تاکو ژمارە دوایین ژمارەی (29 ـ30)ی ساڵی (2002) بە ناوی (کۆڕی زانیاریی عێراق دەستەی کورد) بڵاوکراوەتەوە (یابە، 2006: 7). ئەم گۆڤارە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەردەچووە.

### 21: لیژنەکانی کۆڕ و مەبەستەکانیان:

کۆڕی زانیاریی بە مەبەستی خزمەتی (زمان، مێژوو، ئەدەب و کەلتوری کوردی دامەزراوە، گەلێک بابەتی هەمەجۆری وەک: (زمان و ئەدەب، ژیاننامە و بیرەوەری، ڕەخنەسازی، بەراورد، زانستی و تەندروستی،

مێژوو، ...هتد) بڵاوکردۆتەوە. ئەم دەزگایە لە سەرەتای دامەزراندنیدا چەند لیژنەیەکی دروستکردووە، هەریەکە لەو لیژنانەش بەرنامە و کاری تایبەتی بەپێی یاسای دامەزراندنی کۆڕ بۆی دیاریکرابوو، لە خوارەوە لیژنەو کارەکانیان دەخەینەڕو:

1ـ **لیژنەی زمان:** یەکێک لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی کۆڕ پاراست و برەودان بوو بە زمانی کوردی، بۆیە لە سەرەتاوە لیژنەیەکی دامەزراند بە ناوی (لیژنەی زمان)، بە ئەندامەتی: (پاکیزە ڕەفیق حیلمی، کامیل بەصیر، گیو موکریانی، عەزیز ئەحمەد، صادق بەهائەدین، نوری عەلی ئەمین، ئەحمەد تاهیر نەقشبەندی و حافز موستەفا قازی)، ئەم لیژنەیە لە (3/ 5/ 1971) کەوتە کارکردن و دوازدە جار کۆبۆوە و گەلاڵەی کۆمەڵێک بابەتی زمانیان کردو چەند بابەتێکی زمانەوانییان بڵاوکردەوە.

2ـ پاش هەڵوەشانەوەی لیژنەی (لیژنەی زمان) لیژنەیەکی تر بە ناوی (**لیژنەی زمان و ئیملا**) لەم ئەندامانە (مەسعود محەمەد، هەژار (عەبدولڕەحمان)، پاکیزە ڕەفیق حیلمی، کامیل بەصیر، صادق بەهائەدین، نوری عەلی ئەمین، نەسرین فەخری و عەبدولحەمید ئەتروشی) پێکهێندرا. ((ئەرکی ئەم لیژنەیە هەوڵدان بوو بۆ ڕێکخستن و یەکخستنی زۆربەی شێوەکانی نوسینی کوردی، تاوەکو ڕێزمانێک، کە لە ئەنجامی توێژینەوەی لیژنەیەکی ئەوتۆوە بەرهەم بێت سەرلەبەری شێوەکانی کوردی تێدا خوێندرابێتەوە بەو نیازەی کەوا لە بەراوردکردنی زۆربەی شێوەکانەوە هەل پتر چەنگ کەوێ بۆ دۆزینەوەی دەستورە ڕەسەنەکانی زمانی کوردی))، (محەمەد، 1975 (3ـ 1): 389). هەوڵیان دەدا سود لە زمانەکانی نزیک لە زمانی کوردیش وەربگرن، بۆ سود وەرگرتن لە دروست نوسینی وشە و زاراوەکان، کە ئایا لە کوێ وشەکان بەسەریەکەوە بنوسرێن و لە کوێ بەجیا و دور لەیەک بنوسرێن. دواتر ئەم لیژنەیە هەڵوەشایەوە، چونکە پێیان وابوو لیژنەیەک، کە ژمارەی ئەندامەکانی ئەوها زۆربێت بەهۆی درێژە کێشانی دەمەتەقێی نێوانیانەوە برشتی ئەوەندە کەم دەبێت، کە لەگەڵ ئەرک و کاتەکە گونجاو نابێت، بۆیە ئەم لیژنەیەش لە (12/ 11/ 1972)دا هەڵوەشایەوە کرا بە دوو لیژنەوە بەناوی:

3. **(لیژنەی زمان)** کە لەم ئەندامانە پێکندرا (مەسعود محەمەد، هەژار، صادق بەهائەدین، نوری عەلی ئەمین، نەسرین فەخری) ئەم لیژنەیە تا (5/ 11/ 1973) بەردەوام بوو.

4 ـ لیژنەکەی تریش بە ناوی **(لیژنەی لێکۆڵینەوەی زمان)** کە لەسەر ڕێبازی تایبەتی خۆی خەریکی توێژینەوە بوو هیچ پەیوەندیەکی بەلیژنەی زمانەوە نەبوو.

5. دواتر **(لیژنەی زمان و زانستەکانی)** بە ئەندامەتی (مەسعود محەمەد، نەسرین فەخری، صادق بەهائەدین، نوری عەلی ئەمین) پێکهێندرا، ئەم لیژنەیە درێژە پێدەری کارەکانی (لیژنەی زمان) بوو، لەلایەن کۆڕی زانیاریی کوردەوە بۆ ئامانجێکی دیاریکراو پێکهات، ئەم ئامانجەش بریتییە بوو لە: ((ڕێکخستنی پوختەیێکی ئەوتۆی ڕێزمانی کوردی دەست بدا بۆ خوێندن لە پلە هەڵکشیوەکانی فێرگەکانی ڕەسمی و کۆلێجەکان، مەبەست ئەوە نەبوە لە توێژینەوەی دا قوڵ بێتەوە بۆ بنج و بناوانی زمانی کوردی کە سەر دەکێشێتەوە سەر لێکۆڵینەوەی مێژوی زمان و خەریک بون بە فۆنەتیکەوە سەرەڕای گەیاندنەوە یەکتری زارە جوداکانی کوردی لە ناوچەییکەوە بۆ ناوچەییکی تری کوردستانی گەورە))، (محەمەد، 1975 (3. 1): 392). ئەم لیژنانە لەڕوی ڕێنوسی کوردییەوە، هەوڵێکی زۆریانداوە ڕێنوسێکی یەکگرتوو دابنێن و هەموو نوسەران پەیڕەوی بکەن، ((لەدوای هەوڵێکی زۆر جۆرێک لە ڕێنوسیان داناوە، کە هەتا ئەوکاتە باونەبووە لەناوەندی نوسینی کوردییدا، ئەویش دانانی سەرو بۆرو ژێر بووە بۆ نوسینی کوردی لەسەر شێوە ڕێنوسی عەرەبی، بەڵام ئەم هەوڵەیان هەرزو ڕوبەڕوی ڕەخنەی زۆر بۆتەوەو لە کۆتاییدا کۆڕی زانیاری خۆشیان وازیان لێهێناوەو جێگیر نەکراوە))، (سالح، 1403: 1). هەروەها هەموو هەوڵێکیان خستبووەگەڕ بۆ دەستنیشانکردنی بەشەکانی ئاخاوتنی زمانی کوردی و دانانی ناو و زاراوە بۆیان، ئەوەی پێوستە بگوترێت ئەوەیە، کە لیژنە هیچ بڕیارێکی لەخۆوەی سەبارەت بە بەشەکانی ئاخاوتن نەدەدا، بەڵکو دیاریکردنی بەشەکانی ئاخاوتنی جێهێشت بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی توێژەران لە زمانەکەدا تا بەپێی توێژینەوە بەشەکانی ئاخاوتن بەتایبەتی ئەو بەشانەی مشتومڕیان لەسەرە دیارییبکرێت، بەڵام ئەوەندەی کرد کە دەست بکات بەو بەشانەی هیچ گومان نییە لە بونییان و سەربەخۆییان و لە هەموو زمانەکاندا بە بەشێکی سەربەخۆی ئاخاوتن دادەندرێن، بۆیە ڕاستەوخۆ دەستی برد بۆ بەشە ئاخاوتنی: ناو، جێناو، کار ...

**6. لیژنەی گۆڤار و کتێبخانە:** ئەم لیژنەیە لەو بابەتانە وردبۆتەوە کە بۆ گۆڤار دەهاتن، تا بڕیار بدات کامیان شایەنی بڵاوکردنەوەن، کامیان شایان نین، ئەم لیژنەیە بەردەوام کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی تازە و کۆن و نایابی لەم لا و لەم لا بۆ کۆڕ خڕدەکردەوەو (حاجی مارف، 1975 (3-2): 554)، لە ماوەیەکی کەمدا توانیان کتێبخانەیەک دابمەزرێنن، ئەو کتێبخانە دامەزراوە لەلایەن کەسایەتی و ناوەندە ڕۆشنبیریی و کەلتوریەکانی سەدان کتێب و دەستنوسی گرانبەهای پێشکەشکراوە، لە ماوەیەکی کورتدا بووەتە یەکێک لە کتێبخانە دەوڵەمەندەکانی ناوچەکە، لە ساڵی (1974) داو دوای چوار ساڵ لە تەمەنی کۆڕ زیاتر لە (12) هەزار کتێبی هەمەجۆری تێدابووە. هەروەها بەهەوڵی دڵسۆزانی کۆڕ چاپخانەیەکی تایبەت بەخۆیان دامەزراندووە، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کارئاسانی زۆری کردووە بۆ چاپکردنی بەهەمەکانی کۆڕ بەشێوەیەکی شایستە، بەو چاپخانەیە جگە لە گۆڤاری کۆڕ ژمارەیەکی زۆر کتێبی بەنرخی پێ چاپکراوە. هەروەها چەند کتێبێکی لەبارەی زاراوەی کارگێڕیی و زانستییەوە چاپ و بڵاوکردۆتەوە. ئەندامی شەرەفی کۆڕ (تۆفیق وەهبی) هەموو دەستنوسەکانی کتێبخانەی خۆی بە کۆڕ بەخشی تا چاپی بکەن و بڵاوی بکەنەوە تا خوێنەران سودی لێوەربگرن.

**7. لیژنەی فەرهەنگ:** ئەم لیژنەیە هەرچەندە ڕاسپێردرابوون، کە فەرهەنگێکی گەورەی (کوردی-کوردی) ئامادە بکەن، بەڵام ئەو فەرهەنگە نەنوسراوە، بێگومان ئەگەر کۆڕ ئەو کارەی بکردایە ئەوا دەبووە یەکێک لە شاکارەکانی ئەو دامەزراوەیە، بەڵام ئەم لیژنەیە ((چەند هەزار وشەی تازەی خستۆتە سەر کارت و بۆ لێکۆڵینەوە و دانانی فەرهەنگێکی کوردی گەورەی یەکگرتوو کەرەستەیەکی باشی ئامادە کردووە))، (سەرچاوەی پێشو: 555).

**8. لیژنەی مێژوو:** کەوتونەتە هەوڵی کۆکردنەوەو سەرچاوەی مێژووی کورد و نوسینەوەی مێژوو بەشێوەی ئەکادیمی، ((هەتا دامەزراندنی کۆڕی زانیاریی، نوسینەوەی مێژووی کورد هەوڵی تاکەسی و بەشێوەی گێڕانەوەی ئاسایی بووەو بەپێی میتۆدێکی زانستی نەنوسراوەتەوە))، (ساڵح، 1403: 1)، هەروەها لیژنەکە بڕیاری وەرگێڕانی کتێبی شەرفنامەی داوە، ئەم کتێبە لەلایەن هەژاری موکریانییەوە کراوەتە کوردی، جگە

لەم بەرهەمە چەند کتێب و توێژینەوەیەکی تر لەلایەن پسپۆڕانی مێژووەوە نووسراوە.

**9. لیژنەی ئەدەب و کەلتور:** ئەم لیژنەیە هەنگاوی باشیناوە، چەند لیژنەیەکیان دروستکردووەو ناردویانن بۆ ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بۆ کۆکردنەوەی وشە و حەکایەت و پەندی پێشیان و گۆرانی و شانامە و مەتەڵ و زۆر بابەتی تر، ئەم لیژنانە دەیان بابەتی کەلتوری و دەستنوس و بابەتی فۆلکلۆریان کۆکردوەتەوەو ڕادەستی کۆڕ کراوە، هەروەها بەشێکی فۆلکلۆرە لەسەر شریت تۆمارکراوەکانی نوسیوەتەوە و لیێانیان کۆڵیوەتەوەو بڵاویان کردونەتەوە.

**10ـ لیژنەی زاراوەکانی کۆڕ،** لیژنەیەک بۆ وەرگێڕان و دانانی زاراوەکانی (مەنتق و فەلسەفە و فقهـ و ژیربێژی و .... هەموو زانستەکانی تر) لە ساڵی (1975)دا داندرا، کە لە نوسینی بەهێز و بەپێز کە دێنە بەر خامەی نوسەران، بۆ سەر زمانی کوردی ڕۆڵیان هەبوو. لیژنەکە لەلایەن ئەنجومەنی کۆڕەوە لەم مامۆستایانە (مەسعود محەمەد، شکور مستەفا، هێمن موکریانی و عەبدولڕەحمان مارف) بۆ دۆزینەوە و دانانی زاراوە لەم بوارانە پێکهێندرا، (ئەوڕحمانی حاجی مارف) دەڵێت: (( ئەندامانی ئەم لیژنەیە مانگی هەشت جار کۆبۆتەوە بۆ دۆزینەوە و دانانی زاراوەی کوردی لەو زانستانەدا، لەم کۆبونەوانەدا نیمچە فەرهەنگۆکێکی لە زاراوان بژاردە کردە ئومێدی خوێنەران))، (حاجی مارف، 1975 (3-2): 557) و (زاراوە زانستییەکان، 1976: 433).

**11. لیژنەی پەیوەندییەکان:** لەلایەن کۆڕەوە لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە دامەزراندووە، ئەم لیژنەیە سەردانی وڵاتانی کردووە بۆ کۆکردنەوەی سەرچاوەو نوسین لەبارەی زمان و مێژووی کوردەوە، بۆ پەیوەندییکردن بە ناوەندە ئەکادیمی و کەلتورییەکانەوە، لەهەمانکاتدا بۆ بەشداری لە کۆڕو کۆنگرە زانستییەکاندا، هەر لەڕێگەی پەیوەندییەکانەوە ژمارەیەک ئەکادیمی کوردی دەرەوە کراونەتە ئەندامی کۆڕ.

**3ـ1: ڕۆڵی کۆڕ لە مێژووی زاراوە لە زمانی کوردیدا:**

زاراە هەر لە زوەوە لە زمانی کوردی هەبووە، بەڵام هیچی دەربارە نەنوسراوە و لێی نەکۆڵدراوەتەوە، بۆیە دەڵێین مێژووی دانان، داڕشتن، دۆزینەوە، هەڵبژاردن و وەرگێڕانی زاراوە لە زمانی کوردیدا

دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم (عەلی و عەبدولغەنی، 2020: 535)، چونکە تا ئەو کاتە هیچ بەڵگەیەکی زانستی دەربارەی بوونی زاراوەی کوردی تۆرمار نەکراوە. تا ئەم ساڵانەی دوایش لە زمانی کوردیدا، جگە لە زاراوەی عەرەبی، فارسی و تورکییش بەکاردەهێندران، بەڵام لەگەڵ (پێشکەوتن و پەرەسەندنی ژیانی سیاسی و ئابوری و زانستیدا زاراوە پەرەی سەندو پێوستی بەوە کرد، کە گرنگی پێبدرێت و لێی بکۆڵدرێتەوە و وشەی جوان و ڕاست و گونجا و و لەبار و ڕەسەنی کوردی بۆ بدۆزرێتەوە و دابندرێ و دابڕێژرێ و دابتاشرێ)، (لێدوانی ئەنجومەنی کۆڕ، 1975: 3). زاراوە لەناو کوردا مێژوویەکی زۆر کۆنی نییە، تا شەستەکان ئەم کارە بەشێوەیەکی سست و سادە و ساکار بوو، لێرەدا دەتوانین مێژووی زاراوە لای کورد بکەینە چوار قۆناغ:

**قۆناغی یەکەم:** بەرهەمی ئەم قۆناغە بریتییە لە فەرهەنگۆکەکەی (ڤ. نیکیتین)، کە ساڵی (1916) لە ورمێ بڵاوی کردەوە. فەرهەنگۆکی زاراوەی زانستی (ئەرمەنی ـ کوردی)، کە لە ساڵی (1935) لە یەریڤان چاپکراوە. لیستەی ئەو زاراوە کۆمەڵایەتی و سیاسیانەی (جەلادەت عالی بەدرخان) لە بەشێکی تایبەتی گۆڤاری (هاوار)دا لەژێر ناوی (فەرهەنگۆک)دا تۆماری کردوون، ئەو زاراوانەی مامۆستا (عەلائەدین سەجادی) لە گۆڤاری (نزار)دا و هەروەها ئەو زاراوانەی کە لە (گەلاوێژ، ژین، دەنگی گێتی، تازە، هەتاو، ...)دا خراونەتە بەر چاوی خوێندەواران (لیستی سێیەمی زاراوەکانی کۆڕ، 1974 (2ـ2): 166).

**قۆناغی دووەم:** لە شۆڕشی چواردەی تەموزەوە دەست پێدەکات. بەرهەمی ئەم قۆناغە بریتییە لە ئەو زاراوە زانستییانەی لە لایەن چەند لیژنەیەکی تایبەتی جیاوازەوە دانراون و داڕێژراون و لە چەند ژمارەیەکی گۆڤاری (ڕۆژی نوێ)ی ساڵی (1960)دا بڵاوکراونەتەوە، ڕاستە لە وەرگێڕان و داڕشتن و داتاشینی ئەم زاراوانەدا ناتەواوی و کەموکووڕی ئێجگار زۆرن، وەک لە وتارەکانی مامۆستا (جەمال نەبەز)دا، کە زاراوەکانی لیژنەی ریاضیاتی گرتووە خراوەتە پێش چاو، بەڵام لەگەڵ ئەم بەرهەمە دەوری خۆی بینیوە و دەیبینێت، بۆ زانیاری زیاتر سەیری (نەبەز، 1960: 102) بکە. دوابەدوای ئەم زاراوانە لەلایەن نەقابەی مامۆستایانی سلێمانییەوە فەرهەنگۆکی (زاراوەی زانستی) دەرچوو، کە (97) لاپەڕەیە. لە زاراوەکانی بەشی

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

جوگرافیا مامۆستا (غەفور ڕەشید) بەوردی لێی کۆڵیوەتەو و ڕەخنەی بەجێ و گونجاوی گرتووە بڕوانە (ڕەشید، 1960: 27).

هەر لە ساڵی (1960)دا مامۆستا (جەمال نەبەز) لەژێر ناوی (هەندێک زاراوەی زانستی)دا فەرهەنگۆکێکی لە چاپ داوە. وە لە ساڵی (1960 ـ 1961)یشدا بە ڕۆنیۆ (فەرهەنگۆکی زانستی) بە دوو جار بڵاوکردەوە، جاری یەکەم نزیکەی سێ سەد زاراوە و جاری دووەم دەوری سێ هەزار زاراوەیەک دەبن. دوای بڵاو بونەوەی ئەم چەند بەرهەمەی لەسەرەوە ئاماژەن پێکردون، ماوەی دە ساڵێک هیچ بەرهەمێکی بواری زاراوە بڵاو نەکرایەوە. بەڵام دوای ڕێککەوتنە مێژوویەکەی ئازار ئەم بوارە برەو و پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی.

**قۆناغی سێیەم:** ساڵی (1971) لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە، کە ژمارەیەک زانا و کوردیزانی بەتوانای هاوبەشییان تێدا کردووە فەرهەنگۆکێکی (کوردی ـ عەرەبی) لەژێر ناوی (فەرهەنگۆکی زاراوەی پارێزگای سلێمانی)دا لە چاپ درا، کە نزیکەی (1400) وشە و زاراوە دەبێت (گۆڤاری کۆڕی زانیاری، 1974 (2ـ2): 168).

و بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی لە گۆڤاری (پەروەردە و زانست) ژمارە (4)ی ساڵی (1972)دا، کە (196) لاپەڕەیە فەرهەنگێکی (کوردی ـ عەرەبی)، کە بریتییە لەو زاراوانەی بۆ فێرگەکان پێوستن بڵاوکردەوە (گۆڤاری پەروەردە و زانست، 1972: 1ـ 196). دواتر کۆڕی زانیاریی کورد بەشێوەیەکی زانستی و فراوان گرنگی بەم بابەتە داوە و کارەکانی ئەم دەزگایە جیایە لە بەرهەمەکانی تر، کە لەسەرەوە باسمان کردن، چونکە کارەکانی بۆ دانانی زاراوە کاری هەرەوەزین و بە کۆمەڵن، ڕێبازێکی زانستی دیاریکردبوو بۆ ئەوەی بتوانێت بەرهەمێکی کامڵ بخاتە بەردەست. ژمارەیەک لیستی زاراوەی هەمە چەشنە و هەمە بواری بڵاوکردەوە، دواتر بەشێکیانی کرد بە کتێب و بڵاوی کردەوە.

ئەنجومەنی کۆڕ بەشێکی زۆری کاتی کۆبونەوەکانی بۆ ئەم بابەتە گرنگە تەرخان کردبوو، لە هەمان کاتدا چەند لیژنەیەکی تایبەتیشی بۆ لێکۆڵینەوەی زاراوەی زانستی دانابوو، تاوەکو تاوتوێی:

1ـ ئەو زاراوە هەمە جۆر و بابەتانەی، کە ئەنجامی لێدوان و لێکۆڵینەوەی ئەنجومەنی کۆڕن بکەن.

2ـ زاراوەی زمان، کە ئەنجامی ڕەنج و تەقەڵای لیژنەی زمان و زانستەکانی و لیژنەی لێکۆڵینەوەی زمانە بکەن.

3ـ زاراوەی پزیشکی و کارگێری، ... کە بەرهەمی پزیشکان و کوردیزان و ڕۆشنبیرانی بە توانان بکەن.

**قۆناغی چوارەم:** لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی کوردەوە دەست پێدەکات. هەرچەندە، زاراوە لە زمانی کوردیدا، بە ڕێگایەکی ناهەمواری پێشکەوتندا تێپەڕبوو، بەڵام لە دوای ڕاپەڕینەوە، لە بوارەکانی کارگێڕی، ئابوری، پزیشکی، کۆمەڵایەتی، تەکنیکیە و پیشەییەوە گەشەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، زمانی کوردی تا ڕادەیەکی باش توانیویەتی لەگەڵ ئەم چەمک و پێشکەوتنانەدا، خۆی بگونجێنێ، ژمارەیەک زاراوەی نوێ کەوتەنەتە ناو زمانەوە، کە هەندێکیان داڕێژراون، هەندێکی تریان وەرگێڕدراون، بەشێکیان ئەو زاراوە جیهانیانەن، کە لە زمانانی ترەوە وەرگیراون. لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا، زمانی کوردی گەنجینەیەکی باشی لەم زاراوانە کۆکردۆتەوە (عەبدوڵڵا و سابیر، 2017: 21). زمانی کوردی بۆ دارشتن و دروستکردنی زاراوە سودی لە چەند ڕێگا و هۆکارێکی پەرەسەندنی وشە وەرگرتووە، وەک: (داڕشتن، میتافۆر، وەرگێڕان، بەکوردیکردن، داتاشین، ...هتد)، چەندین زاراوەی نوێی وەک: (توێژەر، نشینگە، جیهانبینی، خاچی سور، مافی منداڵ، نێونەتەوەی، پاڵاوگە، ...هتد). کەوتوونەتە ناو زمانی کوردیەوە و فەرهەنگەکەیان زەنگین کردووە، چونکە ((گەشەسەندنی شارستانیەت و پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤایەتی کاریگەری لەسەر زەنگینکردنی فەرهەنگی زمان هەیە))، (حسین و حەمەدئەمین، 2020: 592).

## بەشی دووەم: کۆڕی زانیاریی و زاراوەی کوردی

### 1.2: چەمک و پێناسەی زاراوە:

زاراوە لە زمانی ئینگلیزی (Term) و لە زمانی عەرەبی (مصطلح)ی بۆ بەکارهاتووە و وشەیەکە لەئەنجامی ڕێککەوتنی شارەزایانی زمانەوە بۆ ناولێنانی داهات و داهێنانی تازە لەناو کۆمەڵەوە دادەنرێت و

لەئەنجامی پەیوەندی و بەکارهێنانی پێویستی ژیانی ڕۆژانەوە بەکاردەهێنرێن و دێنەکایەوە (شوانی، 2011: 117). زاراوەکان، لە هەموو زمانێکدا بەشێکی زۆری وشەکانی ئەو زمانە پێکدێنن. ئەم بەشەش بابەتەکانی زانستی، ڕۆشنبیری، ئەدەبی دەگرێتەوە.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەهۆی ئەو پێشکەوتنە خێرایەی، کە سەرتاسەری جیهانی گرتوتەوە، زۆر بەخێرایی ڕەوتی زانست و زانیاری پێشدەکەوێت. بەهۆی ئەم پێشکەوتنەش ڕۆژانە چەندین زاراوەی نوێ لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا دێتە ئاراوە، ((بەپێی خەملاندنی یونسکۆ ڕۆژانە نزیکەی پەنجا زاراوەی نوێ دێتە ناو بەکارهێنانی زمانەوە لە سەرجەم بوارە زانستی و تەکنەلۆژییەکان))، (الصیادی، 1984: 228)، ئەو زاراوانە فەرهەنگی زمانی نەتەوەیی و فەرهەنگی تاکەکانی کۆمەڵگای پێ دەوڵەمەند دەبێت و وردە وردە قسەپێکەرانی زمان ئاشنایەتییان لەگەڵ پەیدادەکەن، لەبەرئەوەی دانان و بەکارهێنانی ئەو زاراوانە لەگشت بوارە جیاجیاکاندا، زمان بەرەو یەکخستن و یەکگرتنەوەی ئەو زاراوانە دەبات و دەبێتە بناغەیەکی تۆکمە و بەهێزی زمانی نەتەوایەتی. زاراوە وشەیەکە لە بوارێکی تایبەت و پسپۆڕییەکی دیاریکراودا بەکاردێت و کۆڵەگەی زمانی نەتەوایەتییە، ((چونکە زار و شێوەزارەکانی زمان لەیەک نزیک دەکاتەوە، دەبێتە هۆی پێکهێنانی یەکێتی دەربڕین))، (تاهیر، 2020: 11).

زاراوە هێمایەکی زمانییە، گۆکراوێک یان گوزارشتێکی خاوەن واتای دیاریکراوە لە هەندێک بەکارهێناندا یان واتایەکی تایبەت بە زانست یان هونەر، یان پیشە یان بابەتێکی دیاریکراو، واتە دەربڕینێکە گوزارشت لە چەمکێکی دیاریکراو دەکات (وغلیسی، 2008: 24). زاراوە ((ناونیشانن بۆ ئەو چەمکانەی کە بونێکی ئەبستراکت (ڕوت)یان هەیە زانایا لەسەری ڕێککەوتوون، تاوەکو گوزارشت لە واتایەک لە واتا زانستییەکان بکات))، (مطلوب، 2006: 99). لەم پێناسانەوە دەتوانین بڵێین: زاراوە وشەیەکە بۆ چەمک و مەبەستێک لە بوارێکی دیاریکراودا بەکاردێت، واتاو بەکارهێنانێکی دیاریکراوی هەیە، هەوڵی تاکە کەسییە، یان کۆمەڵێک پسپۆڕ لەسەری ڕێککەوتوون.

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

**2.2: هۆیەکانی سەرکەوتنی کۆڕ لە بواری زاراوەدا:**

دەرچوونی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد، شاکارێکی کەم وێنە بووە لە ناوەندی ڕۆشنبیری کوردییدا، هەنگاوێکی گرنگ بووە لەو قۆناغەدا، چونکە ناوەندی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی کوردی هەتا ئەوکاتە خاوەنی گۆڤارێکی ئەکادیمی بەو قەبارەیە نەبووە، بڵاوبوونەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری کۆڕ، جێگەی دڵخۆشی و هاتنەدی ئاواتی زۆرێک لە نوسەران بووە، کۆڕی زانیاری کورد لەو ماوە کەمەدا خزمەتی زۆری کردووەو هەنگاوی گەورەی ناوە.

1ـ یەکێک لە خاڵە ئەرێنیەکانی کۆڕ، کە هۆیەکیشە بۆ سەرکەوتنی لە کارەکەی ئەوەبووە لە دوای ساڵێک، هەر ئەندامێک بەرهەمی نەبووبێ لابراوەو کەسێکی تر لە شوێنی دانراوە، ئەمەش لەلایەک پاڵنەر بووە بۆ ئەوەی هەموو ئەندامێکی هەوڵی نوسینی بەرهەمی زانستی بدات، لەلایەکی ترەوە کۆڕ نەبۆتە شوێنی کەسانی بێبەرهەم، لەهەمانکاتدا ڕێگەی خۆشکردووە بۆ ئەوەی کەسانی خاوەن توانا بڕۆنە پێشەوە.

2ـ ئەم دامەزراوە کەلتوری و زمانەوانییە توانیوییەتی بەشی زۆری نوسەران و ئەکادیمییەکانی ئەوکاتە لە دەرەوە و لە ناوەوەی کوردستان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوەو هەوڵەکانیان یەکبخات بۆ خزمەتی زمان و کەلتور و مێژووی کورد، لەم بوارەشدا خزمەتی زۆر مەزنیان ئەنجامداوە، دەتوانین بڵێین پێکهێنان و دامەزراندنی کۆڕی زانیاریی کورد قۆناغێکی گرنگ و هەنگاوی مەزنە لە مێژووی بزاڤی ڕۆشنبیری و کەلتوری کوردییدا.

3ـ خاڵێکی تر خەڵاتکردنی توێژەران و هاوکاری دارایی بوو، لە مادەی چوارەمی سیستمی ناوخۆی کۆڕدا هاتووە: کۆڕ دەتوانێت لە ڕێگاکانی دانانی فەرهەنگ و دەرکردنی گۆڤار و بڵاوکردنەوەی کتێب و پەیوەندی ڕۆشنبیریی و خەڵاتکردنی توێژەران و هاوکاری دارایی دانەران وەرگێڕەکان و دامەزراندنی کتێبخانە و گرتنی کۆڕو لێکۆڵینەوە کار بۆ ئامانجەکانی بکات (سالح، 1403:1).


kujhs@uokirkuk.edu.iq https://kujhs.uokirkuk.edu.iq 009647776455564

4ـ پێش کۆر دانانی بەزۆری زاراوە هەوڵی تاکەکەسی بوو، بەڵام کاتێک خۆری کۆر هەڵات زاراوە لەم چوارچێوەیە چووە دەرەوە و کەوتە قالبی گفتوگۆ و ڕێککەوتن و بڕیادان، ئەندامانی کۆڕ ماوەیەکی دوورودرێژ خەریکی تاوتوێکردن و پشکنینی زاراوەکان دەبوون، هەتا دەگەیشتنە ئەو ئەنجامەی لەسەر یەکێک لەو زاراوانە ڕێکبکەون کە لەڕوی واتاوە، واتایەکی ڕون و دیاریکراوی هەبێت لەڕوی ڕونانیشەوە، پێیان پەسندتربووە زاراوە لە کەمترین ژمارەی بەش سازبکرێت، نەک خۆی لەبەر یەک بکێشێتەوە بۆ دەستەواژە (محەمەد، 1988: 19)، چونکە زاراوە هەتا کورتتر و سادەتر بێت، گونجاو ترە، ئەگەر زاراوەی سادەمان دەستنەکەوت، ئینجا دەکرێت پەنا بەرینە بەر زاراوەی داڕێژراو و لێکدراو، چونکە ((مەرج نییە زاراوە ئاماژە بۆ هەموو ئەدگارەکانی چەمکەکە بکات، کە ئاماژەی بۆ دەکات، بەڵکو ئەگەر ئاماژە بۆ یەک ئەدگاریشی بکات ئاساییە))، (دزەیی، 2021: 31).

5ـ ئەندامانی لیژنە هەوڵیان دەدا، سود لە زمانەوانان و نوسەران و کوردزانانی وەربگرن، بۆیە لە دوای بڵاوکردنەوەی لیستی زاراوەکان داوایان دەکرد، بە دیاریکردنی باری سەرنجی خۆیان و پێشنیازیان، بۆ ئەوەی ئەگەر ڕەخنەیەک یان سەرنج و تێبینییەکیان هەیە کۆڕی لێ ئاگادار بکەنەوە تاوەکو زاراوەکان گونجاوتر دابڕێژنەوە. واتە زاراوەکانیان بەرهەمی لێکۆڵینەوەی زۆر و لێدوانی ورد و بەراوردی هەمەجۆرە، هەروەک (کەمال مەزهەر) دەڵێت: ((بە گەرمی داوا لە برا کوردیزانەکان دەکەین بەچاوی ڕەخنە و هەستی یاریدەوە سەیری زاراوەکانی کۆڕ بکەن و ئەوەی پێیان دەکرێ بۆ چاککردن و ڕاستکردنەوەی دریغی نەکەن تا بە هیمەتی هەموان بتوانین ئەرکی سەر شانمان لەم مەیدانە ناسک و گرنگەدا بە ئەنجام بگەیێنین))، (ئەحمەد، 1975 (2ـ3): 530). ئەم داوا گەرمەی کۆڕ زاراوەکانی دەنگێکی باشیان لەناو شارەزار و خوێندەوارانی کوردا دایەوە و خامەی زۆریانی بزواند و بەر هەمی بایەخداری ئەمەش بریتی بوو لە گەلێک وتاری بە کەڵک، کە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە، بە وێنە (نەوشروان مستەفا) لە (ڤیەنەوە) وتارێکی درێژی

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

لە بارەی زاراوەکانی کۆڕەوە ناردبوو بۆ ڕۆژنامەی (هاوکاری) بەم شێوە داوای کۆڕی نرخاندووەو دەڵێت: ((ئەوی ڕاست بێت من بەش بە حاڵی خۆم ئەم پرس بە خەڵکی ... و ئاوڕلێ دانەوەیە بە دەستپێشکەریەکی مەزن و بە مژدەدەری پاشەڕۆژێکی ڕون و پڕکاری پوخت و بە کەڵک بۆ کۆڕی زانیاری کورد لە قەڵەم ئەدەم ))، (مستەفا، 1973: 6).

6ـ ئەنجومەنی کۆڕ زۆر پێشنیازی ڕەخنەگرەکانیان پەسەند دەکرد و دوای لێکۆڵینەوە بڕیاری خۆیان لە بارەیەوە دەدا. بەنمونە لە لیستەی یەکەمی زاراوەکانی کۆڕدا بەرانبەر (اخلاق) نوسرابوو (ڕەوشت)، بەڵام کۆڕ پێشنیازی ڕەخنەگرانی پەسند کرد و (ئاکار)ی بۆ (اخلاق) دانا.

لێرەدا پێوستە ئەوە بڵێن، کە کۆڕ تەنها وەک مەرەکەبی سەر کاغەز ڕای کوردیزانانی وەنەدەگرت، بەڵکو بە گوێشیانی دەکرد و سەرنج و تێبینیە گونجاوەکانیانی دەخستە بواری جێبەجێکردنەوە، چونکە پێیان وابوو ئەو سەرنج و تێبینییانە بەرهەمی کاریان بەرەو باشتر و پوختەتر دەبات. بۆ نمونە لە لیستەی سێیەمی زاراوەکاندا بۆ (حقل ـ للدواجن) زاراوەی (پەلەوەر)، (پەڕەوڵگە)یان دانابوو، بەڵام دوای لێکۆڵینەوەو وەرگرتنی ڕای کوردیزانان گۆڕیان بە (کەویزار)، (کەوی + زار)، چونکە پێیان وابوو (کەویزار) لە هەموو ڕویێکەوە زیاتر بۆ ئەو شوێنە دەگونجێت، لەبەر ئەوە بڕیاری گۆڕینیان دا (( لە (کەوی) (ماڵی) + (زار) (حقل)ەوە وەرگیراوە، وەک: لالەزار، مێرگوزار، گوڵزار) (زار) بۆ گوڵ و گژ و گیایە و لێرەدا واتاکەی فراوان کراوە، (کەوی) و (کێوی) جیاوازن (کەوێزار) لە (پەڕەوڵگە) باشترە))، (لیستەی پێنجەمی زاراوەکانی کۆڕ، 1975 (3ـ2): 536).

7ـ گەلێک جار ئەنجومەن خۆی بەسەر کارەکانی خۆیدا دەچووە و ئەگەر هەڵەیەک هەبوبێت و شتێکی بەسەردا تێپەڕیبێت ڕاستی دەکردەوە، بە وێنە کاتێک لە لیستەکانی پێشو بۆ (قدرة) زاراوەی (هێز)ی دانابوو، بەڵام دوای پێداچوونەوە لە لیستەی چوارەم وای بە باش زانی کە بکرێتە (توانست)، چونکە (هێز) بۆ (قوة) پتر دەگونجێت (لیستەی چوارەمی زارەوەکانی کۆڕ، 1975: 8).


kujhs@uokirkuk.edu.iq https://kujhs.uokirkuk.edu.iq 009647776455564

8ـ لیژنەی زاراوە لە کۆڕی زانیاریی سودی لە هەموو زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی وەرگرتووە، بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی جیهانی زاراوەکان، بۆ ئەوەی باشترین و گونجاوترینیان جێی خۆی بگرێت و لە پاشەڕۆژێکی نزیکدا، ئەم زاراوە یەکگرتووانە جێی خۆیان لەناو زمانی شیرینی کوردیدا بگرن، هەروەها زمانی کوردی ببێتە زمانی فەرمیی (لیژنەی زاراوە لە کۆڕی زانیاریی، 2004: 4).

9ـ هۆیەکی تری سەرکەوتنی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی ئەوە بوو، کە ئەم گۆڤارە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەردەچوو، واتە جگە لە نوسەران و ڕۆشنبیرانی کوردی عەرەبیزان سودی لە نوسەر و ڕۆشنبیرانی عەرەبیش وەردەگرت.

10ـ خاڵێکی تر پێکهێنانی چەند لیژنەیەک بوو بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکانین بەباشی، کە هەر لیژنە و ڕوئیا و ئیشوکاری ڕون و دیار بوو.

11. خاڵێکی تری ئیجابی هەوڵی کۆڕ بوو بۆ زیندوکردنەوەی ئەو وشە و زاراوە کوردییە ڕەسەنانەی کە بەرەو کزی و لەناوچوون چوون یان مردون، هەروەک (د.کەمال مەزهەر ئەحمەد) لە بەرگی سێیەم، بەشی دووەم (1975) لە لاپەڕە (527)دا دەڵێت: ((ئەنجومەنی کۆڕ هەمیشە ئەو ڕاستییەی ڕەچاو کردووە، کە مەودای بەکارهێنانی گەلێک زاراو بەرەو کزی ڕۆیشتووە یا دەڕوا، دیارە عەودالبوون بە دوای ئەو جۆرە زاراوانەدا و زیندوکردنەوە و بەرفراوان کردنی بەکارهێنانیان لەلایەک ئەرکی دانانی زاراو ئاسانتر دەکا و لەلایەکی تریشەوە یاریدەی پاراستنی سامانی دەوڵەمەندی زمانەکەمان دەدات))، (ئەحمەد، 1975 (3ـ2): 527).

بۆ نمونە بیری زۆربەی کورد لە بیستنی (بە بۆن کەوتن)دا تەنها بۆ نەخۆشییەکی باوی ساوایان دەچێت، کەچی لە ڕاستیدا واتای زۆر فراوانتر ی هەیە و (ئاژەڵ) و (ڕووەک)یش دەگرێتەوە، بۆنمونە: بۆ یەکەمیان دەگوترێت (مەڕەکان بۆنیان تێ کەوتووە.)، واتە دەردیان تێدا بڵاوبۆتەوە و هەر بەو جۆرەش بۆ دووەمیان دەگوترێت: (بێستانی خوارو بۆنی تێ کەوتووە)، واتە ئەنجومەنی کۆڕ زیندوکردنەوەی وشەی کۆنی کوردی

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

و چەسپاندن و بڵاوکردنەوەی بەکارێکی یەکجار گرنگ و پێوست زانیووە، بەنمونە هاتووە بەسود وەرگرتن لە شیعری شاعیرە کۆنەکانمان وشەی (شاگرد)ی لەجیاتی (قوتابی) بەکارهێناوە، هەرچەند زاراوەی (شاگرد) وشەیەکی کوردی پەتییەو بەکارهێنانی گەلێک لە (قوتابی) ڕەواترە (زاراوەی کارگێری، 1973 ـ 1974: 6). بەڵام تازە قوتابی ڕۆیشتووە و زەحمەتە وا بە ئاسانی لە ڕیشە دەربهێندرێت و شاگردی لە شوێن بەکاربهێندرێت.

12ـ هەروەها کۆڕ هەوڵی داوە پەند لە ئەزموونی زمانانی تر وەربگرێت، چونکە بە پێوستی زانیووە ئەندامانی کۆڕ نیگایان فراوان بێت، بۆ ئەوەی لە شێوازی بەرەوپێشچوونی زمانی نەتەوەکانی تر پەند بۆ زمانەکەی خۆیان وەربگرن. چونکە ئەگەر بە هزرێکی فراوان بیر نەکەنەوە بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانەکەیان بە گرتنەبەری ئەو ڕێگایانەی، کە زمانە جیهانییەکانی پێ دەوڵەمەند بوون، ساڵ لە دوای ساڵ لەچاو نەتەوەکانی تر دوا دەکەون. وەک (د. جەمال ڕەشید) لە پێشەکی لیستەی زاراوەکانی (ئێسکبەندی مرۆڤ) دەڵێت: ((لە کۆکردنەوە و هەڵبژاردنی وشە و زاراوەکاندا زۆر کتێب و فەرهەنگم بە چەند زمانێک پشکنیوە و کەڵکیشم لە گەلێ سەرچاوەی تریش وەرگرتووە))، (ڕەشید، 1976 (ب4): 83).

13ـ ئەندامانی لیژنە زمانزان بوون، بەهۆی ئەوەی ئەندامانی لیژنە چەند زمانێکیان دەزانی بۆیە لیستەی زاراوەکانیان بە زمانی (کوردی ـ عەرەبی) یان (کوردی ـ عەرەبی ـ ئینگلیزی) بڵاو دەکردەوە، بۆ نمونە، (د. جەمال ڕەشید) لە بەرگی چواری ساڵی (1976)دا سەرجەم زاراوەکانی لە کەلەی سەرەوە تا کەڵەنگوستی پێ، یەکە یەکە بە هەر سێ زمانی (کوردی ـ عەرەبی ـ ئینگلیزی) نوسیووە، بەمجۆرە (پەراسو ـ الاضلاع ـ Costae, Ribs)، (سەرچاوەی پێشو: 89).

14ـ بەشێکی زۆری ئەندامانی لیژنە ڕۆشنفکر و لێزان بوون، کۆزانیاریی باشیان لە بارەی زمانەکەی خۆیان و زمانەکانی تر هەبوو، ئەمەش خاڵێکی تری ئەرێنی بوو بۆ سەرکەوتنیان، بۆ نمونە بۆ داڕشتنی زاراوە زانستییەکان سودیان لە زمانە ڕۆژاواییەکان وەردەگرت، بە وێنە: (بەشێکی زۆر لە زاراوەکان لەوانەن لە عەرەبیدا بەهۆی ڕێژەی (مصد صناعی)یەوە پێکهاتوون، کە لە زمانەکانی ڕۆژاوادا دەبن بە وشەی ئەوتۆ


kujhs@uokirkuk.edu.iq https://kujhs.uokirkuk.edu.iq 009647776455564

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

کۆتاییان بە (ism) دێت. دەزانین هەردو ڕێژەی عەرەبی و ڕۆژاوایی ڕێژەی دروستکردنی ناوی ئەبستراکتن. لیژنە لەنێوان ئەو پاشگرانەی کە لە زمانی کوردیدا واتای (abstract) دروست دەکەن پاشگری (ایەتی) هەڵبژارد (محەمەد، 1967: 435). بەنمونە وشەی (Marx) لە زمانەکانی ڕۆژئاوادا دەبێتە (Marxism)، لە عەرەبیشدا دەبێتە (الماركسية)، بەپێی ئەو ڕێبازەی کە لیژنە پەسندی کردووە وشەکە لە کوردیدا ڕاستەوخۆ دەبێتە (مارکسایەتی). دیارە هەموو وشەیەکی تری وەک (Marx) چ ناوی مرۆڤ چ ناوی شت بن ئەوانیش (ایەتی)یان دەچێتە دواوەو دەبن بە زاراوەیەکی تازەی کوردی، وەک: (هاوبەشایەتی، کۆمەڵایەتی، ئازایەتی، مەردایەتی ...هتد).

15ـ ئەندامانی کۆڕ لە دانانی زاراوەکاندا ڕێساکانی ڕێزمانی زمانی کوردیان ڕەچاو دەکرد. لە کاتی وەرگرتنیش هەوڵیان دەدا پەیڕەوی یاسای وشەسازی و یاسا فۆنۆلجییەکانی زمانەکەیان بکەن، هەوڵیاندەدا زاراوە وەرگیراوەکە بکوردێنن. وەک: (شهرة: شۆرەت، قلم: قەڵەم، کتاب: کتێب، ...هتد). ئەگەر بۆ ئەو وشانەی کە بۆ واتایەکی دیاریکراو چەند وشەیەکی بیانی هەبوو، دەبێت لە زمانی کوردیدا تەنیا یەک هاوتای بۆ دیاری بکرێت (محەمەد، 1988: 48).

## 3ـ2: گرفتەکانی بەردەم کۆڕ لە بواری زاراوە:

زاراوە دانان کارێکی هەروا ئاسان نییە، بۆیە کۆڕیش لە پرۆسەی دانانی زاراوەدا توشی کۆمەڵێک گرفت و بەربەست بوو، لێرەدا چەند دانەیەکیان دەخەینەڕو، لەوانە:

1ـ کۆڕ خزمەتێکی زۆری بە زمان، ئەدەب، کەلتور و مێژووی کورد کردووە، بۆیە هەمیشە نەیارانی هەوڵیان داوە گرفت و کێشەی بۆ دروست بکەن، تا لە خزمەتکردن بە زمان و نەتەوەکەی سارد بێتەوە، بۆ نمونە لەگەڵ تێکچوونی نێوانی کورد و حکومەتی عیراق، سەرانی بەعس هەوڵی بەرتەسکردنەوەی مافە کەلتورییەکانی کوردیانداوە، کۆڕی زانیارییش لەو ڕێگرییانە بەدوور نەبووەو لە ساڵی (1978) کراوەتە دەستەیەکی سەر بە کۆڕی زانیاریی عیراق و ئەو سەربەخۆیەی پێشووی نەماوە.


kujhs@uokirkuk.edu.iq https://kujhs.uokirkuk.edu.iq 009647776455564

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

2ـ لەگەڵ ئەوەی ئەندامانی ئەم لیژنەیە هەوڵیانداوە خۆیان لە وشەی بێگانە بەدور بگرن، بەڵام هەندێک جار بۆ داڕشتنی وشەی نوێ پەنایان بۆ بردۆتەوە، وەک (بەد)ی زمانی فارسی لە هەردوو زاراوەی ژمارە (365) (بەد مەبەست) و (367) (بەد نیاز) لە لاپەڕە (25) لە کاتێکدا، خۆمان وشەی (خراپ)مان بۆ هەمان مەبەست هەیە، دەکرا بیان گوتبا (مەبەست خراپ) و (نیاز خراپ)، (لیژنەی زاراوەی کۆڕ، 2004: 365ـ 367).

3ـ هەندێک جار لەگەڵ ئەوەی زۆر بەدانانی زاراوەیەکەوە ماندوو دەبوون، بەڵام نەدەڕۆیشت و لە شوێنی خۆی دەپوکایەوە، بۆیە پێوست بوو هەوڵبدەن زاراوەی ئاسان و پڕ بە پێستی چەمکەکە دابنێن، یان زۆرجار ئەو چەند زاراوەی بۆیەک چەمک دادەنرێن، بەپێی تێپەڕبوونی کات یەک یان دوان لەو زاراوانە دەڕۆن و بەردەوام دەبن لە بەکارهێنان ئەوانی تر دادەمرکێنەوە، بۆنمونە لەبری زاراوەی (ضمیر)ی عەرەبی چەند زاراوەی جیاجیا بەکاردەهێنرا هەندێک (ڕاناو) و هەندێکی تر (جێناو)، هەندێکی تریشان (بۆناو) یان (بەرناو)یان بەکاردەهێنا، بەڵام لە ئێستادا هەندێک زمانەوان و ڕێزماننوس (ڕاناو) و هەندێکی تر (جێناو) بەکاردێنن، بەڵام (بۆناو) و (بەرناو) بەکارنایەت، نمونەیەکی تر کۆڕی زانیاری کورد لە (1973)دا دوو زاراوەیان بۆ (ملحق الکتاب) دانا، کە بریتیبوون لە (پاشەک) و (پاشکۆ)، (کۆری زانیاری کورد، 1973: 454)، زاراوەی یەکەم (پاشەک) پوکایەوە و نەڕۆیشت، بەڵام زاراوەی دووەم کە (پاشکۆ)یە ڕۆییشت و بەکارهات و تا ئێستاش بەردەوامە. سەرهەڵدانی هەر زاراوەیەک چ لەلایەن کۆڕ بێت، یان هەوڵی تاکە کەسییەوە بێت، دەبێت بخرێتە بواری بەکارهێنانەوە، ئەگەر نەخرێتە بواری بەکارهێنان و مۆری کۆمەڵگەی لێنەدرێت دەپوکێتەوە و دەچێتە خانەی وشە مردووەکانەوە.

4ـ یەکنەبوونی ڕای ئەندامان بۆ هەندێک بابەت، بۆ نمونە، ((تێهەڵکێش کردنی سۆرانی بە وشەی کرمانجی، یان بە پێچەوانەوە، هەنگاوێکی گەورە و مەرجێکی پێوستە بۆ دورستبون و جێگرییبون و بڵاوبونەوەی زمانی ئەدەبی یەکگرتومان، دووهەمیشیان ئەوەیە، کە لە ڕێگەی ئەو جۆرە کارەوە دەتوانین سامانی زمانەکەمان نیشان بدەین و بیانپارێزین، چونکە کە (بەرد)مان بۆ (حجر) دانا دەتوانین (کەڤر) بۆ (صخر) بەکاربهێنین))،

(ئەنجومەنی کۆڕ، 1973ـ 1974: 127)، لەم بارەیەوە یەک نەبوونی ڕای ئەندامان، چونکە بەشێکیان پێیان وابوو ڕاستە کورد لەم مەیدانە دەسەڵاتێکی فراوانی هەیە، بەڵام ئەوە بەرەو دوو زمانیمان دەبات نەک زمانی ئەدەبی.

5ـ هەرچەندە بوونی زار و شێوەکانی زمانی کوردی بۆتە هۆی دەوڵەمەندی زمانی کوردی لەڕوی وشە و زاراوەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا فرەزاری و فرەشێوەزاری و نەبوونی زمانی ستانداردی کوردی، گرفتێک بووە لەڕابرد و لە ئێستاشدا بۆ دانان و داڕشتنی زاراوەکان، چونکە نەبوونی زمانی ستاندارد دیاردەی (هاوواتایی و فرەواتایی زاراوە) دێنێتە ئاراوە، بەمەش زیاتر زمانەکە لەیەکتر دەترازێنێت، زۆرجار بۆ هەمان چەمک لە هەمان زار یان شێوەزار، یان شێوەزارێکی تردا زاراوەی جیاواز دێنێتە ئاراوە، بۆنمونە: زاراوەی (مێشک، مەژی، مەژگ) بۆ زاراوەی (المخ) دانراوە (لیژنەی زاراوەی کوردی، 1984: 27)، ئەمە ئەرکێکی قورس دەخاتە سەر زمانی کوردی، بۆ یەکخستنی زاراوەکان، کە هەنگاوێکی گرنگە بۆ دروستبوونی زمانی ستانداردی کوردی، بۆیە زۆری زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی جاروبار کاری دانانی زاراوەیان لە کۆڕ گرانتر کردووەو ناچاری کردون بۆ یەک مەبەست زیاتر لە وشەیەک پێشنیاز بکەین (مەزهەر، 1975: 528). ئەمەش وا دەکات دوو زاراوە، یان زیاتر بۆ یەک مەبەست بێتە ناو بواری زمانەوە، بۆنمونە هاتنەکایەوەی زاراوەی: (مستەشفا، خەستەخانە، نەخۆشخانە، (کوردانی ڕۆژهەلات دەڵێن ـ بیمارستان)، بەرهەمی فرەزاری و فرەشێوەزارین، کە بۆتە هۆی بارگرانی لەسەر یەکگرتنی زاراوەی زمانی کوردی.

6ـ گرفتێکی تری ناونانی ناوی هەندێک شت بوو، چونکە هەندێک ناوی لە دو شت یاخود زیاتر ناوە، کە لە یەکەوە دورن یا لە بنچینەدا یەکن و نزیکن، بەڵام بەرەبەرە هەر ناوە لەوی تر جیا بۆتەوەو دورکەوتۆتەوە، جا بە هۆکاری مێژوویی، ڕێکەوت بێت، یان لە زمانێکی ترەوە کەوتۆتە ناو زمانەکەمانەوە، لە هەمان کات هەر ئەو وشەیە هەیە و واتایەکی جیاوازی هەیە، وەک: (ئازار (اذار): کە مانگی مارت بە عەرەبییەو ئازاری کوردیش هەیە کە (ئێش)ە (بابان، 1974: 569).

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

7ـ لیژنەی زاراوەی کۆڕ هەوڵی دەدا (زاراوەی یەکگرتوی کوردی)، واتە لەسەر بناغەی چەسپاندنی یەک زاراوە بۆ یەک واتا دەستنیشان بکات، بەڵام سێ کۆسپی سەرەکی ڕێگایان پێگرت:

((1ـ دانانی لە یەک زاراوە پتر بۆ یەک واتا.

2ـ لەبیربردنەوەی زاراوە کوردییەکان و پەنابردنە بەر ئەو زاراوانەی کوردی نین.

3ـ داتاشینی زاراوەی کوردی بە هەڕەمەیی و لادان لە دەستوورەکانی زمانی زمانی کوردی کە سروشتییانە، بۆ سازکردنی زاراوە پەیڕەوی کراون))، (لیژنەی زاراوەی کوردی، 1984: 3).

**2ـ 4: کەموکووڕییەکانی کۆڕ لەبواری زاراوەدا:**

لە سەرەتای حەفتاکانەوە کۆڕ خزمەتێکی بەرچاوی بە بواری زاراوەی کوردی کردوەو جێ پەنجەی لەم بوارەدا دیارە، بەڵام پێوستە ئەوەش بڵێین، کە هیچ کارێک بێ کەموکووڕی نابێت، کۆڕیش لە پاڵ ئەو هەموو کارە جوانەی پێشکەشی بە بوارە جیاجیانی زمانی کوردی کردووە، چەند کەموکووڕیەکیشی هەیە، لەوانە:

1ـ زۆرجا لیستەی ئەو زاراوانەی بڵاویان دەکردەوە، زاراوەی تێدا بوو لەگەڵ ناونیشانی لیستەکە نەدەگونجا بۆ نمونە لیستەی (زاراوەی کارگێری) زۆر زاراوەی تێدا بوو، کە زاراوەی کارگێڕی نەبوون، وەک: (بەژن، شێواز، ئاسۆ، ...هتد). خۆشیان دانیان بەو ڕاستییەدا ناوە هەروەک لیژنەی زاراوەی کۆڕ دەڵێن: ((لیستەی یەکەمی زاراوەکانی کۆڕمان ناو نابو (زاراوەی کارگێڕی) هەرچەندە لە ڕاستیدا هەمو زاراوەکانی کارگێڕی نەبون و زاراوەی تری هەمەجۆر و بابەتە بۆیەکا))، (لیستەی دووەمی زاراوەکانی کۆڕ، 1974 (2ـ 1): 894). هەر لە بارەی زاراوەکانی کارگێڕی (کامیل بەصیر) لە کتێبی (زاراوەی کوردی و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن)دا لە لاپەڕە (27)دا دەڵێت: (کتێبی زاراوەی کارگێڕی کە کۆڕی زانیاریی دایناوە ناونیشانی ئەم کتێبە هەروەکو بەڕواڵەت لێی تێدەگەین بۆ زاراوەی کارگێڕی و فەرمان بردنەسەر تەرخانکراوە، بەڵام هاوکات زاراوەی جۆرابەجۆری جیاوازیشی تێ ئاخنراوە، بۆ بەڵگە زاراوەی (کاوێژ) بە واتای (الاجترار) دێت، و هیچ پێوەندیەکی بە کارگێڕییەوە نییە)، (بەصیر، 1979: 27).

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

2ـ هەندێک جار لەگەڵ ئەوەی بەرانبەر زاراوە عەرەبیەکە زاراوەی کوردیشمان هەبووە، بەڵام ئەوان زاراوە عەرەبیەکەیان وەک خۆی وەرگرتووە و تەنها کوردانددویانە، هەرچەند باشتر بوو کە واز لە زاراوە بێگانەکە بێن و زاراوە ڕەسەنەکەی زمانی خۆمان دابنێن. بۆ نمونە گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد، لە بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، زاراوەی کارگێڕی، لە هەندێک شوێندا زاراوە عەرەبییەکەی وەک خۆی بەکارهێناوەتە، تەنها لەجیاتی ئەوەی بە ڕێنوسی عەرەبی بیان نوسن بە ڕێنوسی کوردی نوسویانە، وەک (درس ـ دەرس ل469) نەیان کردۆتە (وانە)، هەروەها (حاضر ـ حازر ل461) نەیان کردۆتە (ئامادە).

3. لەناو زمانی کوردیدا هەندێک زاراوەی گونجاوتر هەن لەچاو ئەو زاراوانەی کە کۆڕ بۆ چەمکەکان دایان ناون، دەکرا سودیان لێوەربگیرێت، وەک: بۆ (شد) کۆڕ زاراوەی ( کێشانەوە)یان داناوە، بەڵام ((بەلای ئێمەوە (شد) واتایەکی گشتی هەیە هەر زاراوەیەک لەمانە دەگونجێت بۆ (شد): (بەستن، بەستنەوە، شەتەکدان، ڕاکێشان) دابندرایە (تاهیر، 2020: 32). هەروەها (ڕەئوف عوسمان) لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) ژمارە (50)ساڵی (1976) لە لاپەڕە (36. 42) ئاماژەی بۆ هەندێک سەرنج لەبارەی زاراوەکانی کۆڕ کردووە و سەرنجەکانیشی تایبەتە بەوەی (76) زاراوەی تری خستۆتە سەر ئەو تەنیا زاراوانەی کە کۆڕ بۆ یەک واتا داینابوون، وەک: انجراف: ڕادان (کۆڕ)ـــ (ڕاپێچان) (ڕەئوف عوسمان)

الاقتصادیون (ئابوری ناسانی) (کۆڕ) ـــ (ئابوریناسان، ئابوری ناسەکان) (ڕەئوف عوسمان) بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە (عوسمان، 1976: 36. 42). هەروەها (ڕەئوف ئەحمەد ئالانی) لە گۆڤاری کاروان ژمارە (1،2،3) ساڵی (1982) بو ناونیشانی (نرخاندنێک دەربارەی زاراوە زانستییەکان) هەندێک سەرنج و تێبینی خۆی دەخاتەڕو، بۆ نمونە: بۆ زاراوەیەکی وەک (المنطق) کۆڕ (ژیربێژەکی)یان داناوە، (ڕەئوف ئالانی) دەڵێت: بۆ (المنطق) (ژیربێژی: لۆجیکە) بۆ (المنطقی) (ژیربێژانە) گونجاوترە (ئالانی، 1982: 72). بەلای ئێمەش ژیربێژی بۆ زانستی لۆجیک و لۆجیکزان بۆ زانا و کەسی شارەزای بواری لۆجیک بەکاربێت گونجاوترە.

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

4ـ هەندێک لە شارەزایان دوای وردبونەوە و لێکۆڵینەوە لە زاراوەکانی کۆڕ تێبینیان لەسەر زاراوەکان هەبووە و هەوڵیان داوە بە کۆزانیاریی خۆیان هەڵەکانی کۆڕ پڕبکەنەوە، بۆ نمونە (یوسف رەئوف عەلی) لە گۆڤاری (ئاسۆی زانکۆیی) ژمارە (10)ی ساڵی (1978) لە لاپەڕە (92)، دەربارەی زاراوەکانی کۆڕ، چەند تێبینییەک دەخاتەڕو، وەک: بۆ زاراوەی (الاساليب التعليمية) (بەرنامەکانی پەروەردەیی (کۆڕ 464) دایناوە. ڕەخنەگر وای بۆ دەچێت کە نە(اساليب) (بەرنامەیە) و نە (التعليمية)ش (پەروەردەییە)، چونکە بەرنامە (منهج) و پەروەردەش (تربية) دەگرێتەوە، بڕوانە (عەلی، 1978: 92).

5ـ دوبارەکردنەوەی زاراوە بۆ هەمان چەمک، بۆ نمونە لە فەرهەنگۆکی زاراوە یاسایی (عەرەبی ـ کوردی)، (619) زاراوەی لەخۆ گرتووە و لە (40) لاپەڕەدا خراوەتەڕو، یەکێک لە کەموکوڕییەکانی ئەم فەرهەنگۆکە بریتییە لە دوبارەکردنەوەی زاراوە بۆ هەمان چەمک، وەک: زاراوەی ژمارە (60) استشهاد/ تأييد: پشتگیری، لە لاپەڕە (8) لەگەڵ زاراوەی ژمارە (215) تأييد: پشتگیری لە لاپەڕە (17)، تەنها جیاوازیان ئەوەیە دەروازەی فەرهەنگییەکە لە (أ) بۆ (ت) گۆڕاوە. زاراوەی ژمارە (117) البينونة الصغرى: دەستبەردانی بچوک، لە لاپەڕە (11) لەگەڵ زاراوەی ژمارە (207) بينونة صغرى، لە لاپەڕە (16)، تەنها جیاوازیان ئەوەیە دەروازەی فەرهەنگییەکە لە (أ) بۆ (ب) گۆڕاوە و لە بەرانبەریشی (جیابوونەوەی بچوک) نوسراوە. زاراوەی ژمارە (164) النسب: ڕەچەڵەک، لە لاپەڕە (14) لەگەڵ زاراوەی ژمارە (585) نسب: ڕەچەڵەک، لە لاپەڕە (38)، تەنها جیاوازیان ئەوەیە دەروازەی فەرهەنگییەکە لە (أ) بۆ (ن) گۆڕاوە. زاراوەی ژمارە (168) الوارث: میراتگر، لە لاپەڕە (14) لەگەڵ زاراوەی ژمارە (600) وارث: میراتگر لە لاپەڕە (39)، تەنها جیاوازیان ئەوەیە دەروازەی فەرهەنگییەکە لە (أ) بۆ (و) گۆڕاوە.

6. کەموکووڕیەکی تر، دانانی هەندێک زاراوەی کوردییە بەرانبەر زاراوە عەرەبییەکە، گوایە تا جێی زاراوە عەرەبیەکە بگرێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا پێشتر زاراوەی کوردی زۆر باشتر و گونجاوتر بەکارهاتووە و شوێنی خۆی لە فەرهەنگی زمانەکەمان کردۆتەوە، گۆڕینیان کارێکی ئاسان نییە، وەک: زاراوەی ژمارە (140) الطبيب

العدلي: پزیشکی پزیشکی دادپرسی لە لاپەڕە (13) داندراوە (لیژنەی زاراوەی کۆڕ، 2004: 13)، ئەوەی ڕاستی بێت ئەوەی بەکاردێت و ڕۆیشتووە زاراوەی (پزیشکی دادوەری)یە، نەک (پزیشکی پزیشکی دادپرسی)، ئەگەر ئەم لیژنەیە زاراوەی پزیشکی دادپرسییان پێ باشتربووە، دەبوایە ڕونکردنەوە و بەڵگەی پێوست بدەن، لەبەرئەوەی زاراوەی زانستی پێوستە ڕێککەوتنی لەسەر بکرێت و بۆ یەک چەمک و واتا، یەک فۆرم بەکاربێت.

7ـ بەکارهێنانی وشەی بێگانە، لەگەڵ ئەوەی ئەندامانی ئەم لیژنەیە هەوڵیانداوە خۆیان لە وشەی بێگانە بەدور بگرن، بەڵام هەندێک جار بۆ دارشتنی وشەی نوێ پەنایان بۆ بردۆتەوە، وەک (بەد)ی زمانی فارسی لە هەردوو زاراوەی ژمارە (365) بەد مەبەست و (367) بەد نیاز لە لاپەڕە (25)، (سەرچاوەی پێشوو: 25) لە کاتێکداخۆمان زاراوە (خراپ)مان بۆ هەمان مەبەست هەیە، دەکرا بیان گوتبا (مەبەست خراپ) و (نیاز خراپ).

## ئەنجام

**گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە لەم توێژنەوەیەدا بە دەستهاتوون، بریتین لە:**

1ـ لیژنەی زاراوەی کوردی لە کۆڕی زانیاریی عێراق دەستەی کورد، پێیان وابوو زاراوە بڕبڕەی پشتی زماننی نەتەوایەتییە، زمان لە زاری خێڵەکێتی و ناوچەگەریتی ڕزگار دەکات، بۆیە دەستیان بە پێداچوونەوە و توێژینەوە و دانانی زاراوەی پێوست بۆ زمانی کوردی کرد، چەند لیستەکی هەمەجۆرەی زاراوەیان لە ژمارەکانی گۆڤاری کۆڕ بڵاوکردەوە.

2ـ ئەندامانی کۆڕ لە کاتی دانان و هەڵبژاردنی زاراوەکاندا هەوڵی ئەوەیان داوە لە هەموو ڕویێکەوە سود لە بەرهەمی شاعیرە کۆنەکان، فۆلکلۆر و فەرهەنگە کوردییەکان و قسەی باوی لادێ و ناوچە جیاوازەکانی کوردستان وەربگرێت، هەروەها هەوڵیان داوە هەندێک لە وشە و زاراوە مردووەکان زیندو بکەنەوە.

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

3. کۆڕ هەموو هەوڵێکی خۆی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی بتوانێت سود لە هەموو زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی وەربگرێت لە دانان و داڕشتنی زاراوەکاندا، تا بۆی کرابێت دورکەوتۆتەوە لە زاراوەی بیانی، تەنها لەو کاتانە نەبێت، کە بەناچاری زاراوەی پەتی کوردی دەست نەکەوتبێت پەنای بۆ زمانانی بێگانە بردبێت.

4ـ زاراوەکانی کۆڕ کاری هەرەوەزیی و بە کۆمەڵە بوون، دور بوون لە بڕیاری تاک لایەنە و تاکە کەسی.

5. کۆڕ، سەرەڕای ئەو خزمەتە زۆرەی بە بواری زاراوەی کردووە، بەڵام سەرنج و تێبینیش لەسەر چەند لایەنێکی زاراوەکانی هەیە، وەک تێکەڵی زاراوەکان و نەگونجانی زاراوەکان لەگەڵ ناونیشانی لیستەی زاراوەکان، یان نەگونجانی چەند زاراوەک لەگەڵ چەمکەکان.

6. ئەنجومەنی کۆڕ تەنها ڕای شارەزایانی وەرنەگرتووە، بەڵکو بەگوێشی کردوون، لەو لیستە زاراوانەی کە کۆڕ بڵاویکردونەتەوەو شارەزایان تێبینیان لەسەر هەبووە پێیان داچۆتەوە و دوای تاوتوێ و لێکۆڵینەوە زاراوەی گونجاوتریان بۆ داناون.

7. زاراوە ڕۆڵێکی گرنگ لە بەستنەوەی پەیوەندی نێوان گەلاندا دەگێڕێت، بە تایبەتی لەڕوی گواستنەوەی زانست و تەکنەلۆژیا، بۆ ئەم مەبەستە لەلایەن کۆڕەوە لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە دامەزراندووە، ئەم لیژنەیە سەردانی وڵاتانی کردووە بۆ کۆکردنەوەی سەرچاوەو زانست و زانیاری و ئەزمونی وڵاتان لەم بارەیەوە.

8. ئەم گۆڤارە پێگەیەکی بەرچاوی لە خزمەتی زاراوەی زمانی کوردیدا هەبووە، چونکە لە دانان و داڕشتنی زاراوەی کوردیدا، هەوڵێکی باشی داوە و توانیویەتی کۆمەڵێک زاراوەی گونجاو بۆ چەند بوارێکی، وەک: پزیشکی، کارگێڕی، فەلسەفە و ژیربێژی و ... دابنێن.

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

## پێشنیاز

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا بە پێویستی دەزانین ئەم پێشنیازانە بخەینەڕو:

1. پێشنیاز دەکەین، لە پای ئەو خزمەتە زۆرەی کە گۆڤاری کۆڕی زانیاریی بە زمان، ئەدەب، کەلتور و مێژووی کورد کردوویەتی، بە هاوبەشی سەرجەم زانکۆکان، کۆنفرانسێکی زانستی وەک وەفایەک بۆ ئەم گۆڤارە ڕێکبخرێت، تا توێژەرانی بوارە جیاجیاکان ڕۆڵ و گرنگی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی بە توێژینەوەی زانستی بخەنەڕو.

- بەهۆی ئەم پێشکەوتنە خێرایەی کە سەرتاسەری جیهانی گرتوتەوە، ڕۆژانە پێوستمان بە دەیان وشە و زاراوەی نوێ دەبێت بۆ داهێنان و داهێنراوەکان، بۆیە پێشنیاز دەکەین، سود لەو گەنجینە بەنرخەی زمانەکەی خۆمان وەربگرین و دورکەوینەوە لە بەکارهێنانی زاراوەی بیانی.

## سەرچاوەکان

### بە زمانی کوردی:

- ئەنجومەنی کۆڕ (1973 ـ 1974) زاراوەی کارگێڕی، پیشەکی و ڕێکخستنی د. کەمال مەزهەر، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد ـ بەغدا.

- ئەنجومونی کۆڕ (1974)، (1.2) لیستەی دووەمی زاراوەکانی کۆڕ، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا.

- ئەنجومەنی کۆڕ (1976) لیستەی شەشەمی زاراوەکانی کۆڕ، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد، بەرگی چوارەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا.

- ئەحمەد، کەمال مەزهەر (1975)، (3 ـ2)، لیستەی پێنجەمی زاراوەکانی کۆڕ، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا.

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

ـ ئالانی، ڕەئوف ئەحمەد (1982) نرخاندنێک دەربارەی زاراوە زانستییەکان، گۆڤاری کاروان ژمارە (1ـ 3.2)، هەولێر.

ـ بەصیر، کامیل (1974) (1ـ2) زمانی عەرەبی و کێشەی زاراوەی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا.

ـ بەصیر، کامیل حسن (1979) زاراوەی کوردی و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن، بەڕێوەبەرێتی چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

ـ بابان، جەمال (1974)، (1ـ2) هەندێک لەو زاراوانەی واتایەک زیاتر ئەبەخشن، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا.

ـ بابان، جەمال (1975)، (1ـ3) هەندێک لەو زاراوانەی واتایەک زیاتر ئەبەخشن، بەشی دووەم، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد. لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاریی کورد.

ـ تاهیر، شەهاب شێخ تەییب (2020) بنەما و پێکهاتەکانی زاراوە لە زمانی کوردیدا، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.

ـ حاجی مارف، ئەورەحمانی (1974) زاراوەی هەمەچەشنە، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا.

ـ حاجی مارف، ئەورەحمانی (2000) زمانی کوردی و خەوشی هەندێ وشە و زاراوەی نوێ، بەشی یەکەم، مکتب الصفار للاستنساخ، حی الجامعة/ مجاور جامع الملاحویش، بەغدا.

ـ حاجی مارف، ئەورەحمانی (2000) بنج و بناوانی هەندێ وشە، بەشی یەکەم، مکتب الصفار للاستنساخ، حی الجامعة/ مجاور جامع الملاحویش، بەغدا.

ـ حسین، ڕێژنە معروف و حەمەدئەمین، شنۆ عەولا (2020) تەکنەلۆژیاو دەروازەیەک بەڕووی کرانەوەی فەرهەنگەدا، مجلة جامعة کرکوک/ للدراسات الإنسانیة، المجلد : 15 العدد: 1، ص 586ـ 604.

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

https://kujhs.uokirkuk.edu.iq/article_173193_031e25613d3e025933adfcc597fc3491.pdf

ـ دزەیی، عەبدولواحید مشیر (2021) زاراوەسازی و زمانەوانی، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

ـ ڕەشید، غەفور (1960) سەرنجێک لە پەڕاوی زاراوەی زانستی کوردی، گۆڤاری ڕۆژی نوێ، ژمارە (12) ل 27 ـ 35.

ـ ڕەشید، جەمال (1976)، (ب4) ئێسکبەندی مرۆڤ، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا.

ـ سالح، ئاراس محەمەد (1403) کۆڕی زانیاریی کورد؛ مێژوویەکی کورت و خەرمانێکی زێڕین: https://kurdishbookhouse.com/100-1404/

ـ شوانی، ڕەفیق (2011) وشەسازی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

ـ عوسمان، ڕەئوف (1976) پێداچوونەوەیەک بە پەراوێزی زاراوەکانی کۆڕ، گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) ژمارە (50)، بەغدا.

ـ عەلی، یوسف ڕەئوف (1978) دەربارەی لستەی زاراوەکانی کۆڕ، گۆڤاری (ئاسۆی زانکۆیی)، ژمارە (10)، بەغدا.

ـ عبدالله، ڕۆژان نوری و صابر، شادان شکر (2017) پێکهاتەی زاراوەی پیشە، لە شێوەزاری کۆیەدا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (44)، کۆیە.

ـ عەلی، بەکر عومەر و عەبدولغەنی، سۆزان سەعدوڵلا (2020) هەنگاوە زانستییەکانی وەرگێڕانی زاراوە، مجلة جامعة كركوك/ للدراسات الإنسانية، المجلد : 15 العدد: 2، ص 533ـ 547.

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
عدد خاص بنشر وقائع المؤتمر العلمي الثالث (العلوم الانسانية اساس الإرتقاء الفكري للمجتمع للمدة 1-2 - حزيران 2025)

https://kujhs.uokirkuk.edu.iq/article_173243_70fac626cd17fb6aba46c704251258a7.pdf

ـ فەرهەنگۆکی زاراوەی ئەرمەنی ـ کوردی (1935) یەریڤان.

ـ ڤ. نیکیتین (1916) زاراوەی جەنگی ڕوسی ـ کوردی، ورمێ.

ـ گۆڤاری پەروەردە و زانست (1972) زاراوەی فێرگەکان (کوردی ـ عەرەبی)، ژمارە (4)، چاپخانەی دار العراق، بەغدا.

ـ گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد، بەرگی دوهەم بەشی دووەم 1974، لیستەی سێیەمی زاراوەکانی کۆڕ، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد ـ بەغدا.

ـ گۆڤاری کۆڕی زانیاریی، 1974 (2ـ2) لیستی سێیەمی زاراوەکانی کۆڕ، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا.

ـ گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد (1975) لیستەی چوارەمی زاراوەکانی کۆڕ، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا.

ـ گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد (1975)، (3 ـ2)، پوختەی کارەکانی کۆڕ، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا.

ـ گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد (1976)، (ب4)، زاراوە زانستییەکان، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا.

ـ لیژنەی زاراوە زانستییەکان (1976) زاراوە زانستییەکان، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد، بەرگی چوارەم چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

ـ لیژنەی زاراوەی کوردی لە دەستەی کوردیی کۆڕی زانیاریی عێراقدا (1984) بەرەو زاراوەی یەکگرتووی کوردی (کۆمەڵێک زاراوەی هەمەچەشنەی کوردی)، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی عێراق، بەغدا.

ـ لیژنەی زاراوە لە کۆڕی زانیاریی کوردستان (2004) زاراوەی یاسایی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

ـ مستەفا، نەوشیروان (1973)، لە بارەی زاراوەکانی کۆڕ، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (177).

ـ محەمەد، مەسعود (1975 ب3) ڕونکردنەوەی پێوست، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا.

ـ محەمەد، مەسعود (1988) زاراوەسازی پێوانە، چاپخانەی سۆمەر. بەغدا.

ـ نەبەز، جەمال (1960) زاراوەکانی لیژنەی ریاضیات لەژێر وردبینی لێکۆڵینەوەدا، گۆڤاری ڕۆژی نوێ، ژمارە (6)، ل 102ـ 109.

ـ نەبەز، جەمال (1960) هەندێک زاراوە زانستی، سلێمانی.

ـ یابە، شوان سلێمان (2006) ئیندێکسی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد 1973 ـ 2002، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ هەولێر.

https://tavgar.com/?p=2050

**بەزمانی عەرەبی:**

ـ الجرجانی، علی بن معی الشریف (1969) **التعریفات**، مکتبه لبنان، لبنان.

ـ الحیادرة، مصطفى طاهر (2022) **المصطلح اللغوی العربی من البناء الی التوحید والاستقرار**، رسالة دکتوراه، جامعة الیرموك.

ـ الصیادی، محمد النجی (1984) **التعریب و تنسیقه فی الوطن العربی**، مرکز دراسات الوحدة العربیة، ط3، بیروت.

ـ مطلوب، احمد (2006) **بحوث مصطلحیة**، منشورات المجمع العلمی العراقی، بغداد.

ـ وغسلى يوسف (2008) **اشكالية المصطلح النقدى الجديد**، الدار العربية للعلوم، ط1، بيروت.شئ*